# ترسی کورد لەترسناکی دۆخی عێراق و دڵنیایی خەلیلزاد

## ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس

بەپێچەوانەی هەموو مەزندەکان ، سەرەرای نزیکەی چوار ساڵ لە رووخان و لەناوچوونی رژێمی بەعسی درەندەترین رژێمی ناوچەکە , رەوشی ئاسایشی عێراق لە ئێستادا لە هەموو کات زیاتر بۆ گەلانی عێراق و هاوپەیمانان مەترسیدارترە . دۆخەکە بەجۆرێك ئاڵۆزکاوە . بۆ هێورکردنەوەی چاوەروانی هەموو جۆرە سیناریۆیەك دەکرێت . کەلانی کەم لافاو , و فووارەی خوێنی عێراقی و ئەمریکییەکان راوەستێنێت . هەربۆیە ئەم ماوەیە لەهەمووکات زیاتر " واشنتۆن و لەندەن و سیدنی " لەسەر هێڵەکەن . لەم نێوەندەشدا جموجۆڵە دبلۆماسی و نەخشە سەربازی و تاکتیکی و ستراتیژییەکان , بەئاراستەیەکی تیژرەو و سەیردا گوزەر دەکەن , مادام پێشبینییەکان ئاسان نین , هیچ سەیر نییە کە لێدوانی دژ بەیەك لەم بارودۆخە لەناوەندە باڵادەستەکان ببینین .

چونکە دۆخەکە ئاڵۆزکاو و ترسناکە , مەزندەی هەموو پێشبینییەك لەناوەندە باڵادەستەکان دەکرێت ، کورد لەم نێوەندەدا وەکو مارگەستی لە گوریس ترساو لە هەموو شتێك دەسڵمێتەوە , لەهەموو گەلانی عێراق زیاتر دەرك بە مەترسی سیناریۆ چاوەروانەکراوەکان دەکات ، نەبادا بۆ کۆکردنەوە و لێدەرکرنەوەی حساباتەکان ، وەکو مێژووی نزیکەی سەدەیەکی ناوچەکە ، کورد بکرێتەوە قوربانی !! هەر لەبەر ئەمەشە ئەم ماوەیە راگەیاندنی کوردی لە ناویشیاندا سەتەلایتی کوردستان و ماڵپەری پەیامنێر , لە هەموو کات زیاتر شەفاف و نەترسترن لە بلاوکردنەوەی هەرچی هەواڵی پەیوەست بە عێراقەوە .

بۆ نەتەوەی کورد ئەگەرچی خۆشبەختانە نوکە لەهەموو کات زیاتر، بەشێکە لە پێکهاتەکانی عێراق و لە گۆرانکارییەکانی ناوچەکە و لەهەموو کات زیاتر لەلایەن زلهێزانەوە حسابی بۆ دەکرێت . بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا مادام بارودۆخی عێراق بەئاسانی هێور نابێتەوە , بەپێچەوانەوە بەرەو دژواری تێدەکشێت ، تا لانی کەم بارودۆخی ئەم وولاّتە بەم شێوەی ئیستاش بێت , ئەگەر خراپ تریش نەبێت ، هێشتا بەلانانەوەی کورد و دورخستنەوەی جارێکی تر پرلە مەترسین . ئاخر لە عێراقی تازەشدا ، جارێکیان بۆ دابەشکردنی دەسەلاّت و پێکهێنانی حکومەت , لەسەر حسابی کورد سوننە و شیعە رازی کرا ؟!! هەرچەندە ئەو کات و لەوەختی خۆیدا بەرێزان بارزانی و تاڵەبانی , بەنامەیەکی نووسراو گلەییان گەیاندە سەرۆك بوش , بەلاّم سەرەنجام ئەوەی لەسەر حسابی کورد بۆ رازیکردنی خەڵکی تر نەخشەی بۆ کێشرابوو , هەر ئەوە کرا !!

هیوایەك کە کورد لەم جەنجاڵییەی دۆخی عێراق و سیناریۆ جۆر بە جۆرەکانانی لە ئێستادا هەبێت , جگە لە هەوڵی دبلۆماسی و پەیوەندییە پێشینیەکانی رابردوو , بەبرِوای خۆم زەڵمای خەلیلزادی باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە عێراق ، ئەو پیاوە دبلۆماسییەی بەناوبانگەی هەمیشە لە پێگەی خۆی گەورەتر و خاوەن بریار تر دیارە . ئەم پیاوە یەکێك بوو لەو تاکە دبلوماسیانەی ئەمریکا کە شەمەمەی رابردوو لەگەڵ ژەنەراڵەکانی سوپای ئەمریکا و دیك چینی جێگری سەرۆك و راوێژکاری سەرۆك بۆ کاروباری ئەمنی قەومی لە واشنتۆن سەبارەت بە گۆرینی تاکتیکی سەربازی لەعێراق لەگەڵ سەرۆك بوش کۆبۆوە . هەربۆیە دوای گەرانەوەی لەواشنتۆنەوە بۆ بەغدا و کۆنگرە هاوبەشە رۆژنامەوانییەکەی لەگەڵ کۆلۆنێل جۆرج کەیسی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە سێ شەممەی رابردوو دا , بۆ چوارشەممە لە هاوینە هەواری دووکان لە کۆبوونەوەیەکی سێ قۆلیدا لەگەڵ بەرێزان بارزانی و تاڵەبانی بەیەك گەیشتن . ئەگەرچی دەکرێت ئەم پەلەیەی باڵوێز خەلیلزاد بۆ جەژنانە و هاوسەنگی بێت لەنیوان هەردوو سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی ، چونکە جەژنی نەورۆزی رابردوو بۆ جەژن خەلیلزاد لای بەریز بارزانی بوو , بەلاّم ئەمە هەرگیز لە گرێدانی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لەم کاتەدا کەم ناکاتەوە کە لە پێش هەموو عێراقییەکان لە گەڵ سەرکردایەتی کورد کۆدەبێتەوە , بەتایبەت کە لە بەغداوە بۆ کوردستانەوە هاتووە. ئەمەش دەرخەری بەشێکی گرنگی ئەم راستییەن ،کەوا دەکرێت ئەم بەیەك گەیشتنە لەم کاتەدا , هەڵگری دڵنیایی و پەیامێکی رانەگەیەندراوی واشنتۆن بێت لە رێگای خەلیلزاد ، کە لانی کەم لە پێشهاتە جۆربەجۆرەکان عێراقدا , جارێکی تر کورد و دۆزەکەی بەقوربانی کەس ناکرێت .

2006/10/27